# ئەو دیو هەنگاوەكانی هیجرەت



## مەلا نەوزاد گەردی

هیجرەت ئەو ڕووداوە گەورەی كە ڕێچكەی ژیانی گۆڕیو بانگەوازی ئیسلامی لەقۆناغێكەوە كواستەوە بۆ قۆناغێكی تر، تەنانەت ژیاننامەی خۆشەویستی كرد بە دوو بەشو سورەتەكانی قورئانی كردبە دوو گروپ (مەككیو مەدەنی)، هەر لەبەر گەورەیی كۆچ بو كرا بەسەرەتای ساڵی موسڵمانان، لەكاتێكدا لەدایكبوونو میعراجو وەفاتی خۆشەویستو دابەزینی قورئان لەئارادابو.

لێرەدا لەگەڵ گەورەییو گرنگی ئەو ڕووداوە كە هەموو ساڵێك لە ١ی موحەڕەم یادی دەكرێتەوە، پێویستی بە چەند تێبینیو سەرنجێك هەیە، لەوانە: كۆچ لەمانگی موحەڕەمدا نەبووە كە ئێمە لەم مانگەدا یادی دەكەینەوە، بەڵكو لەبەر ئەوەی یەكەم مانگی قەمەریە وەگەرنا ڕووداوی كۆچ لەڕۆژی پێنجشەممەی ٢٦/سەفەری/ ساڵی ١٤ی پێغەمبەرایەتی بووە كە دەكاتە بەرامبەر ٦٢٢/٩/١٢ز كاتێك پێغەمبەر لەتەمەنی ٥٥ ساڵیدا بوو، ئینجا بابێین لەبەرامبەر ئەم ڕووداوە گەورەو گرنگەدا چۆكدادەینو فێری هەندێك وانەی نوێ بین.

١- كۆچ فێرمان دەكات كە كێبەركێ نێوان حەقو باتڵ هەر هەبووەو هەر دشمێنێت، بەلاّم لەگەڵ ئەوەدا دڵنیا بین كە سەرەنجام هەر بۆ موسڵمانانە (كَتَبَ اللَّهُ لَأَغْلِبَنَّ أَنَا وَرُسُلِي إِنَّ اللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ).

٢- دەبێ بزانین نەیارانی ئیسلام هەموو ڕێگایەك دەگرنە بەر بۆ ڕێگرتن لە بلاّوبونەوەی جارێك بە خۆشیو تەرغیبو جارێك بە تەعزیبو تا دەگاتە كوشتنو دەربەدەركردن، وەكو گوتیانە پێغەمبەر دەتكەین بە گەورەی خۆمانو زۆرترین ماڵو جوانترین ئافرەتت پێشكەش دەكەین تەنها لەبەرامبەر ئەوەی دەست لە بانگەوازیكردن بۆ ئیسلام هەڵگری، بەلاّم وەلاّمی ئەو دروشمە بوكە بۆ ئێمەش جێی تێڕامانە (واللّٰه لو وضعوا الشمس على يميني والقمر على يساري ماتركت هذا الامر......).

٣- دەستگرتن بەهۆكارەكانی ژیان، دوای ئەوەی پشت بە خوا دەبەستین بەلاّم لەبیر نەكەی هۆكاری سەركەوتنی كارەكان لەسەر زەویە وەكو پاڵپشتی ڕاستەقینە لە ئاسمانە، لەكاتێكدا ئەو خوایەی كە میعراجی پێكرد هەر هەبوو، بەلاّم دەیەوێت ئێمە فێركات كە دەست بەهۆكارەكانی ژیان بگرین، بۆیە سەیركە:

* لەكاتی نیوەڕۆدا كە كەس لەدەرەوە نییە دەچێتە لای ئەبوبەكر.

* بەدەمو چاو پێچراوی دەڕوات.

* بەشەو دەردەچێتو لەدەرگای دواوە دەڕوات.

* ڕێگاگۆڕین لەكاتی دەرچوون لە مەككە.

* پشت بەستن بە ڕێبەری ڕێگا.

* دانانی كەسانی شیاو كار پێسپاردنیان، وەكو پێشەوا عەلی كە لەشوێنی ئەودا بخەوێو عبداللّٰه بۆ هەواڵگریو ئەسما بۆ خۆراك هێنانو عامر بۆ سڕینەوەی شوێن پێیەكان.

٤- ئەمانەت پارێزیو دەست پاكی دەرسێكی گەورەی كۆچە بۆ ئێمە تەنانەت بەرامبەر ئەو كەسانەش كە دوژمنیشن، سەیركە چۆن عەلی لەشوێنی خۆیدا دەنوێنێ تاكو بەیانی ئەمانەتی ئەوانەی دوێنی ئازاریان داوە بگەڕێنێتەوە.

٥- گیان فیدایی بەهەموو شتێك بۆ خۆشەویست وانەی پێنجەمی هیجرەتە، سەیركە ئەبوبەكر چۆن دەمێك لەدواوەو دەمێك لە پێشەوەو جارێك لە ڕاستو جارێك لە چەپ، كاتێكیش دەگەن بە ئەشكەوت خۆی پێشی خۆشەویست دەچێتە ژوریّ بۆئەوەی ئەگەر زیانێكیش هەبێت بەر پێغەمبەر نەكەوێت، ئەوەیشی بەكردەوە سەلماند كە چۆن ژەهری ماریش وای لێناكات پشو لەخۆشەویست تێكبدات.

٦- لە دەرسە هەرە گرنگەكانی كۆچ پشت بەستنە بە خوا بەشێوەیەك كە خوا پێی سەرسام بوەو لە قورئان تۆماری كردوە.

ئەبوبەكر: ئەگەر سەیری ژێر پێیانكەن دەمانبینن.

خۆشەویست: گومانت چۆنە بەرامبەر دوان خوا سێهەمیانە.

(إِذْ هُمَا فِي الْغَارِ إِذْ يَقُولُ لِصَاحِبِهِ لَا تَحْزَنْ إِنَّ اللَّهَ مَعَنَا) لەبەرەكەتی ئەو تەوەككولەیە (فَأَنْزَلَ اللَّهُ سَكِينَتَهُ عَلَيْهِ وَأَيَّدَهُ بِجُنُودٍ لَمْ تَرَوْهَا وَجَعَلَ كَلِمَةَ الَّذِينَ كَفَرُوا السُّفْلَى وَكَلِمَةُ اللَّهِ هِيَ الْعُلْيَا وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ).

٧- وانەی خۆشویستنی نیشتمانمان فێر دەكات كە چۆن هەمو كات خاك ولاّتی خۆمان خۆشبوێو تێبكۆشین بۆ خزمەت كردنی بەرژەوەندی نەتەوەكەمانو پێشمان عیبادەت بێت، سەیركە كاتێك مەككە بەجێ دێڵێ لە كاتێكدا خێرو خۆشی لە مەككە نەبینیوە جگەلە ئازارو ئەشكەنجە ئینجا لەسەر بەرزاییەكانی مەككە ئاوڕێكی ماڵئاوایی دەداتەوەو فرمێسك بۆ مەفتەنی دادەڕێژیو دەفەرموێت (يامكة والله انك لخير ارض الله واحب ارض الله الى الله ولولا اني اخرجت منك ما خرجت) بۆیە دبێ ئێمەش سرودی سەر زارمان (زەڕەیەك خاكی وەتەن نادەم بە قەسری قەیسەری....) بێت، بەلاّم ئاگادابین نەتەوایەتی بكەین نەك نەتەوەپەرستی.

٨- وانەی گەشبینیو هیممەت بەرزیمان فێردەكات تاكو لەڕێی بانگەوازیدا ماندوبون نەناسینو چۆك لەبەردەم كۆسپەكانی ژیان دانەدەین، سەرنجدە لەو كاتە ناسكە كە ٥٠٠ حوشتر دیاریە بۆ هەر كسێك ئەوان بێنێ بە زیندووی یان بە مردووی تەنهاو بێ چەكو تفاق دەربەدەرو ئاوارە كەچی پەیمانی بازنەكانی دەستی كیسرا دەدات بە سوراقە، با ئێمەش دروشمی ژیانمان ئەوە بێت (ئەی دڕكو داڵی سەرە ڕێم دانە چیرەی چیتانە لێم هەزار شەبەق بخەنە پێم بە سەرتانا هەنگاو دەنێم).

٩- باوەڕبون بە موعجیزاتی هەست پێكراو، وەكو لەڕێگادا دەرهەق بە سوراقە بینراو دەرهێنانی شیری زۆرلە مەڕە لەڕو لاوازەكەی خێوەتی ئوممو مەعبەد كە پڕ شیر دەبێت بە بەرەكەتی دەستی پێغەمبەر.

١٠- با لە هەموو كاتێدا پەیامی بانگەوازیمان لەبیر نەكەین، ئەوەتا دوای بڕینی ٥٠٠ میل برسێتی ڕێو شەكەتی گەرماو دەربەدەری پەیامی سەرەكی لەبیرناباتەوە كە رزگار كردنی مرۆڤە لە دۆزەخ بەرەو بەهەشت، سەیركە لە دەروازەی مەدینەدا هاوار دەكات (ايها الناس اطعموا الطعام وافشوا السلام وصلوا بالليل والناس نيام ادخلوا الجنة بسلام).

# لەخزمەت قورئاندا

## ئا: دڵشاد شمس الدين باڵەكی

قورئانی پیرۆز گەورەترین نیعمەتی خوایە، كەمنەتی پێوە دەكات بەسەرئوممەتی ئیسلام، چونكە قورئان ئەو پەیامەیە نەلەیەكچوونو نەشاراوەی تێدایە، بەڵكو تەواوی ئایەتو سورەتەكانی زۆر ڕوون وئاشكران وەكو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَقَدْ أَنْزَلْنَا إِلَيْكُمْ كِتَابًا فِيهِ ذِكْرُكُمْ أَفَلَا تَعْقِلُونَ﴾ (الانبياء/١٠) واتا: بەڕاستی ئێمە پەرتوكێكمان ڕەوانە كردووە بۆتان كە یادەوەریەو سەربەرزی لەشوێنكەوتنیەتی، ئایا بیروهۆشتان ناخەنە كارو ژیر نابن؟

لەبەر ئەم گەورەییە كە قورئانی پیرۆز هەیەتی زۆر جار گەلانی پێشووتر ئێرەیی (حەسودی)یان بەموسڵمانان بردووە كە خاوەنی ئەم پەیامەن، ئەوەتا پیاوێكی جولەكە دێتە لای پێشەوا عومەرو پێیدەڵێت: یەك لەقورئانەكەی ئێوەدا هەیە ئەگەربێتو بەسەر ئێمە دابەزیبایە ئەوا ئەو ڕۆژەمان دەكرد بەجەژن.

پێشەوا عومەریش فەرمووی: كامە ئایەتە؟

گوتی ئایەتی ﴿الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا﴾ (المائدة/٣) واتا: ئەمڕۆ ئاینو بەرنامەكەتانم بەكۆتاگەیاندو نازو نیعمەتی خۆمم بۆ تەواوكردنو ڕازیم بەوەی ئیسلام ببێتە بەرنامەو دینتان.

پێشەوا عومەریش لەوەلاّمدا فەرمووی: ئێمە ئەو ڕۆژەمان باش لەبیرە كە ڕۆژی عەرەفە بوو وەڕۆژی هەینی بوو وە شوێنەكشمان باش لەبیرە، كەواتە نەك هەر موسڵمانان بەڵكو كافرەكانیش سەرسامبوونو دەبن بەقورئانی پیرۆز.

نمونەی ئێمەو قورئان وەكو گەلێك وایە لەشوێنێكی پڕ لەدرندە، وەهیچ پەناو پارێزەرێكیش نەبێت، تەنها ئەوە نەبێت كە ڕووبكاتە قەڵایەك بۆ ئەوەی خۆیانی تێدا حەشاربدەن بپارێزرێن. قەڵابەرزو قایمەكە قورئانی پیرۆزەو دڕندەكانیش ئەوهەموو گێژاوو سەرلێشێواویەیە كە زاناش سەری لێدەرناكات.

دەگێڕنەوە لەحاریس: ڕۆژێكیان چووم بۆ مزگەوت بینیم خەڵكانێك واخەریكی گفتوگۆن لەسەر فەرموودە منیش چوومە لای پێشەوا عەلی پێم وت خەڵكانێك زیاد لەحەد خەریكی حەدیسن لەناو مزگەوتدا، وتی: شتی واهەیە وتم: بەڵێ فەرمووی بەلاّم من بۆ خۆم گوێم لەپێغەمبەر بووە كە فەرمووی لەدوای من فیتنە پەیدا دەبێت منیش پێموت ڕزگاربوونمان لەچیدایە فەرمووی: لەكتابی خوا كە قورئانە.

ئەم قورئانەی كە هەواڵی پێش ئێوەی تێدایە، باسی دوای ئێوەی تێدایەو بۆ نێوان خۆشتان سودی لێوەرئەگرن، قورئان هەق و بەتاڵ لێك جیادەكاتەوە، شتێكی سادەنیە هەر دەسەلاّتدارێك كاری پێنەكات زەلیل دەبێت، وەهەركەسێ بیەوێ ڕێنمونی لەبەنامەیەك وەرگرێ جگە لەقورئان گومڕا دەبێت.

قورئان پەیامی خوای كاربەجێیە ڕێنیشاندەری ڕاستەقینەیەو زانیان لێی تێر نابنو موعجیزەكانی تەواو نابن تەنانەت جنۆكەكانیش بەرگەیان نەگرتووەو كاتێك كە گوێیان لێبووە ناچاربوون كە باوەڕبێنن ئەوەتا خوای گەورە دەفەرموێت: (انا سمعنا قرآناً عجباً) وتا خوێندنەوەیەكی سەرسوڕهێنەرمان بیست.

قورئان ئەو پەرتووكەیە هەركەس قسەی پێبكات ڕاست دەكات، هەر كەس فەرمانی پێبكات دادپەروەری دەكات، هەر كەسیش كاری پێبكات پاداشتی هەیە، هەركەسیش خەڵكی بۆ لای بانگ بكات ئەوا بۆ لای باشترینو ڕاسترین ڕێ بانگی كردووە.

كەواتە باشترینو ڕاسترین ڕێ بۆ مرۆڤەكان بۆ دونیاو قیامەت تەنها قورئان، چونكە هەر خۆی كۆتا بەرنامەی خواییە بۆ سەر زەویو باسی هەموو شتێكی تێدایە وەك دەفەرموێت ﴿وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ تِبْيَانًا لِكُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً وَبُشْرَى لِلْمُسْلِمِينَ﴾ (النحل/٨٩) واتا: قورئانمان بۆ تۆ ڕەوانە كردووە ئەی محمد كەڕوونكەرەوەی هەموو شتێكە، هیدایەت بەخشو ڕەحمەتەو مزگێنی دەریشە بۆ موسڵمانان.

وەلەقورئان مافی زیاد بەهیچ كەسو نەتەوەیەك نەدراوە لەسەر حیسابی خەڵكانی تر، بەڵكو بێجیاوازی ئەركو ماف بەسەر ئافرەتو پیاو گچكەو گەورە هەژارو دەوڵەمەند ڕەشو سپی دیاری كراوە، چونكە هەر یاسایەكی دەستكرد دەربچێ لەلایەن كەسانێك دەردەچێت، بۆیە ئەگەر ئەم كەسانە پیاوبن زیاتر بیر لەبەرژەوەندییەكانی خۆیان دەكەنەوە، یان ڕۆژهەڵاتیبن بەڕۆژئاوا ناخوات.

بەلاّم قورئان بەرنامەی خوایە بۆ هەموو زەمینو زەمانێكو هەموو مرۆڤ و سەردەمێك دەستدەدات، لەهەموو ئەمانە گەورەتر ئەوەیە قورئان لەخودی خۆیدا موعجیزەیەو هیچ كەسێ ناتوانێت وەكو بێنێت، ئەگەر وانەبوایە ئێستا بەسەدان جۆر لە قورئانمان دەبوو.

لەوانەیە خەڵكانێك بڵێن باشە ئێستا لەجیهاندا زانای واهەیە كتێبێكی چەندین جار لەچاپدراوەو هێشتا خوێنەری هەیە، دەڵێین بەڵێ بەلاّم ئەمە هەرگیز لەگەڵ قورئان بەراورد ناكرێت، چونكە ئەگەر كەسێك بیخوێتەوە سەدان كەس ڕەخنەی لێدەگرێت، وەكەسانی دیكەش هەن دەتوانن وەكو ئەو بنووسن، بەلاّم قورئان تاكە پەرتووكە كەس ناتوانێت وەكو ئەو بنووسێتو جێی ڕەخنە لێگرتن نییە، وەكو خوای گەورە بەسێ جار تەحەددای مرۆڤایەتی دەكات كەناتوانن وێنەی قورئان بێنن سەرەتا داوادەكات وەكو هەموو قورئان بێنن ﴿قُلْ لَئِنِ اجْتَمَعَتِ الْإِنْسُ وَالْجِنُّ عَلَى أَنْ يَأْتُوا بِمِثْلِ هَذَا الْقُرْآنِ لَا يَأْتُونَ بِمِثْلِهِ وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا﴾ (الاسراء/٨٨) واتا: ئەی محمد پێیان بڵێ ئەگەر هەموو ئادەمیزادو پەرییەكان كۆببنەوە هەوڵبدەن تاشتێك وەكو قورئان بێنن، ناتوانن كاری وابكەن، ئەگەر هەر هەموویان ببنە پشتگیرو هاریكاری یەكتر.

لەجاری دووەمدا تەحەدداكەی كەمتر دەكاتەوەو داوای هێنانی دە سورەت دەكات وەكو سورەتەكانی قورئان ﴿أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَاهُ قُلْ فَأْتُوا بِعَشْرِ سُوَرٍ مِثْلِهِ مُفْتَرَيَاتٍ وَادْعُوا مَنِ اسْتَطَعْتُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ ۞ فَإِنْ لَمْ يَسْتَجِيبُوا لَكُمْ فَاعْلَمُوا أَنَّمَا أُنْزِلَ بِعِلْمِ اللَّهِ وَأَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ فَهَلْ أَنْتُمْ مُسْلِمُونَ﴾ (هود/١٣-١٤) واتا: بەڵكو لەگەڵ ئەوهەموو بەڵگانە ئەوان دەڵێن محمد قورئانی هەڵبەستووە، پێیان بڵێ: دەئێوەش دە سورەتی هەڵبەستراوی ئاوەها بێنن، وەداوا لەهەموو كەسانیش بكەن پەنای بۆ بەرن جگە لەخوا ئەگەر ڕاست دەكەن، جا ئەگەر وەلاّم نەبوو چاك بزاننو دڵنیابن كە ئەم قورئانە بەئاگاداری خوادا بەزێنراوەو وەبشزانن جگە لەو هیچ خوایەكی تر نییە، جا ئەی بێباوەڕان مل كەچ دەبن؟

لەجاری سێیەمدا داواكەی كەمتر دەكاتەوەو دەفەرموێت: ﴿أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَاهُ قُلْ فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِثْلِهِ وَادْعُوا مَنِ اسْتَطَعْتُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ﴾ (یونس/٣٨) واتا: پاش ئەو هەموو بەڵگانە ئەوان هەر دەڵێن محمد قورئانی داناوە بڵێ: دەئێوەش یەك سورەتی وەكو قورئان بنووسن.

لەبەر ئەم ڕاستیانەی كە باسمان كرد ئێمەی موسڵمان بەتایبەت زانایان بەوپەڕی هەوڵو تێكۆشانەوە لەخزمەتی قورئاندابینو تەنها بەوەنا كە بكڕدرێت یان بخوێندرێت لەپرسەكان، بەڵكو قورئان لای خەڵك جوان بكرێت بەكردەوەكانمان وەك چۆن خۆیشی جوانە، چونكە پەیامی خوای پەروەردگارە.

یەكەم ئەركیشمان بەرامبەر بەقورئان ئەوەیە باوەڕی پێبێنینو كاری پێبكەین وەكو خوای گەورە دەفەرموێت ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا آمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَالْكِتَابِ الَّذِي نَزَّلَ عَلَى رَسُولِهِ وَالْكِتَابِ الَّذِي أَنْزَلَ مِنْ قَبْلُ وَمَنْ يَكْفُرْ بِاللَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا بَعِيدًا﴾ (النساء/١٣٦) واتا: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، بەردەوامو دامەزراوبن لەسەر ئیمان بەخواو پێغەمبەرەكەیو قورئانەكەی كە بۆی دابەزیوە وە ئەو كتێبانەش كە پێشی ئەو دابەزیون، جائەوەی باوەڕی نەبێت بەخواو فریشتەكانو پەرتووكەكانو بەپێغەمبەرانو بەڕۆژی دوایی، ئەوا گومڕابووە بەوپەڕی گومڕایی.

بڕوابوونیش بەقورئان ئاوەها سادەنییە بەزمانو بەس بەڵكو دەبێت لەكانگای دڵمانەوە هەڵبوڵێتو ملكەچ بین لەهەمبەر ئایەتو سورەتەكانی.

خاڵی دووەم لەو ئەركانەی قورئان هەیەتی بەسەر هەموومان ئەوەیە كە بیخوێنینەوەو لەگەڵ ژیانیەتی وەكو دەفەرموێت: ﴿أَوْ زِدْ عَلَيْهِ وَرَتِّلِ الْقُرْآنَ تَرْتِيلًا﴾ (المزمل/٤) وە لەئایەتێكی تردا دەفەرموێت ﴿إِنَّمَا أُمِرْتُ أَنْ أَعْبُدَ رَبَّ هَذِهِ الْبَلْدَةِ الَّذِي حَرَّمَهَا وَلَهُ كُلُّ شَيْءٍ وَأُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ مِنَ الْمُسْلِمِينَ﴾ (النمل/٩١) وەدەفەرموێت لەباسی گەورەیی ئەو كەسانەی دەیخوێننەوە ﴿الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَتْلُونَهُ حَقَّ تِلَاوَتِهِ أُولَئِكَ يُؤْمِنُونَ بِهِ وَمَنْ يَكْفُرْ بِهِ فَأُولَئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ﴾ (البقرة/١٢١)

بۆ ل١١

به شێوازێكی زانستیانەو لە كتێبێكی نوێدا

# گەورە نووسەرو ڕۆشنبیرانی ڕۆژئاوا باس لە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) دەكەن

## مەلا ئەمیر عەبدولسەتار




لەنێو چەقی گێژاوو گەردەلوولی ئەم هێرشو پەلامارو بێ ڕێزیانەی، كە دەرهەق بە ئیسلامو قورئانو موسڵمانانو پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) ئەنجام دەدرێت، دەنگێك بەرز دەبێتەوە، كە پڕە لەداكۆكی كردنو بەرز ڕاگرتن لە خودی ئیسلامو پەیامبەرەكەی، لەسەر زمانی شوێنكەوتوانی نا!!

بەڵكو كەسانێك لەزمانو نەتەوەو ئایدۆلۆژیای خۆیان، كە نە تەنها بەشایەتی موسڵمانان، بەڵكو بە شایەتی خودی ولاّتو نیشتیمانو كیشوەری خۆیان پێش ئێمە، كەڵەپیاو و ڕۆشبیرو لێهاتوی سەردەمن.

بەپێی هەواڵێكی ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت، خانەی Legacy لە لەندەن بەم دواییە كتێبێكی نوێ بەزمانی ئینگلیزی خستۆتە بەردەستی خوێنەرانەوە، كە راو سەرنجو بۆچوونی چەند نووسەرو ئەدیبێكی ناسراوی ڕۆژاوای لە خۆ گرتووەو، بەشێوازێكی زانستیو بابەتیانە وێنەی راستەقینەو روونی ئیسلامو پەیامبەرەكەی، جیاواز لەگەڵ شەپۆڵی شێوێنەرانو گەردەلوولی بێڕێزیەكان، بە جیهانی ڕۆژئاوا ئاشنا دەكاتەوە.

ناوی تەواوی كتێبەكە بریتیە لە: (دەربارەی موحەممەد.. تێڕوانینێكی دیكەی ڕۆژئاوا بۆ پێغەمبەری ئیسلام– كۆكراوەی وتەی چەند نووسەرێكی ڕۆژئاوا لەسەر پێغەمبەر، لە سەدەی هەژدەهەمەوە تاكو ئەمڕۆ)، كە لە ئامادەو كۆكردنەوەو پێشكەشكردنی: دكتۆر (عەبدولوەهاب ئەلئەفەندی)یە، كە سەرپەرشتیاری پڕۆژەی (ئیسلامو دیموكراتیەت)ە، لە سەنتەری توێژینەوەی دیموكراتی، لە زانكۆی (وێست مینستەر)ی لەندەن.

كتێبەكە لەمیانەی شایەتیو نوسینو وتەی ١٢ نووسەرو ڕۆشنبیرانی ناوداری ڕۆژئاوا، ئەوەی دوپات كردۆتەوە، كە لەناخی ژاوەژاوی زۆرو دەنگی گەورەی بێڕێزیەكان، تائێستایش كەسانێك هەن، كە ئەكادیمیانەو بابەتیانە لە شتەكان دەدوێنو بۆچوونی زانستیانە پێشكەش دەكەن.

شایانی باسە: ئەو ١٢ ڕۆشنبیرو نووسەرانەیش ئەمانەن:

١- نووسەری ناوداری بەریتانی: جۆرج سێل (١٦٩٧-١٧٣٦)، بەكتێبی (قورئان، ناسراو بە قورئانی موحەممەد)، چاپی یەكەمی لەساڵی ١٧٣٤ دەرچووە.

٢- نووسەرو مێژوونووسی ناسراوی ئیسكۆتلەندی: تۆماس كارلیل (١٧٩٥-١٨٨١)، بەكتێبی (پێغەمبەری پاڵەوان: موحەممەد).

٣- شاعیری گەورەی فەرەنسی: لامارتین (١٧٩٠-١٨٩٦)، بەناونیشانی (مێژووی توركەكان).

٤- نووسەرو ئەدیبی ناودار: تۆر ئەندرێ، بەكتێبی (موحەممەد: پیاوێك باوەڕەكەی) كە لەساڵی ١٩٣٦ بە چاپ گەیەنراوە.

٥- نووسەرو دانەری بەریتانی: مۆتیگیمری وات (١٩٠٩-٢٠٠٦)، بەكتێبی (موحەممەد: پەیامبەرو پیاوی ولاّت)، كە لەساڵی ١٩٦٤ لە ئۆكسفۆرد بە چاپ گەیەنراوە.

٦- نووسەرو ڕۆشبیری ئەمەریكی-لوبنانی: فلیپ حەتتی (١٨٨٦-١٩٧٨) بەكتێبی (مێژووی عەرەب، لەسەردەمی كۆنەوە تاكو ئەمڕۆ) كە لەساڵی ١٩٥٦ لە خانەی (ماكمیلان) لە بەریتانیا بە چاپ گەیەنراوە.

٧- نووسەری ناسراوی ئەمەریكی: جۆن ئیسپۆستیۆ، بەكتێبی (موحەممەد: پێغەمبەری خوا لەئیسلامدا-راستە ڕێگا) كە زانكۆی ئۆكسفۆرد لە ١٩٩٨ بەچاپی گەیاندووە.

٨- ڕۆژهەلاّتناسی ئەڵمانی: ئانا ماری شیمل، بەكتێبی (موحەممەد لەئیسلامدا: دەروازە) كە لەساڵی ١٩٩٢ لە نیویۆرك لەچاپ دراوە.

٩- نووسەری ناوداری سەردەم: كلینتۆن بینیت، بە كتێبی (لە گەڕان بەدوای موحەممەد)، كە لەساڵی ١٩٩٨ لە لەندەن لە چاپ دراوە.

١٠- نووسەری بەریتانی: بارنبی رۆجەرسۆن، بەكتێبی (موحەممەدی پەیامبەر: ژیاننامە) كە لەساڵی ٢٠٠٣ لە لەندەن بە چاپ گەیەنراوە.

١١- نووسەرو ڕۆشنبیری بەریتانی: كارین ئارمسترۆنگ، بە كتێبی (موحەممەد: پەیامبەری سەردەمی ئێمەیە)، كە لەساڵی ٢٠٠٦ لە لەندەن بە چاپ گەیەنراوە.

١٢- دواهەمینیشیان، شاعیری ناوداری ئەمەریكی: بایارد تایلۆر، بە دیوانە شیعری (چەند شیعرێك لە ڕۆژهەلاّتەوە)، كە لەساڵی ١٨٥٤ لە بۆستن بە چاپ گەیەنراوە.

ماوەتەوە بڵێین: دانەری كتێب، دكتۆر عەبدولوەهاب ئەلئەفەندی، جگە لە هەوڵو ماندووبوونی زۆری بۆ كۆكردنەوەو، بەدواداچوونی بەرهەمی یەكە یەكەی

بۆ ل١١

# لەیادی کۆستی کۆچی (مەلای سپی)دا



مەلا ئاراس رواندوزی
mazhar_rwandz@yahoo.com

قەڵەمەکەم لێوانلێوە لەتامەزرۆییو تینوێتی چنینەوەی چەپکێك وشەی شیرینو شایستە بەبیرەوەری کۆچکردنی (مەلا محمدی سپی) ئەو کۆچکردنەی ئێستاش تاسەو تاڵاوی ماڵئاواییەکی سەختی لێ دەچۆڕێت، وە لەبەر ئەوەی مامۆستای ڕەحمەتی کەسێکی قاڵبووی بوێریو بێباکی هەر پێشهاتو پەرچەکردارێکی هەڵوێستە بەرزو سەنگینەکانی بووە وەکو زانایەکی ئایینی ڕاسترەوو گۆشکراوی ڕێبازێکی میانڕەوو یەکانگیر لەگەڵ کانیاوە سازگارەکانی قورئانو فەرمووده بە ئەستەمی دەبینم بەنووسین مافی تەواوی پیشاندانی پایەی ڕاستەقینەی کەسایەتییەکەی بدەم، چونکە دەربڕینی قەڵەم رووی ڕووکەشی مەبەستەو، هەرگیز دەرخەری قەبارەو ڕووبەری ئەو شەپۆلە کاریگەرە نییە کە سەراپای بوونو ناخی پێکراوی منی جۆشداوە، بەڵام دەبێ دەستەوەستان نەبین لەئاست پێشینەو پەرێزە پاکەکەی ڕەحمەتیو منەتباربوونمان لەئاست چاکەکانیدا، بەبێگەردییەوە مەڵۆیەك بخەینە سەر خەرمانەی پڕ بەرەکەتی مامۆستا.

هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ژیانو سەرگوزەشتەی ئەم زانایە کە لەناو خەڵکدا بە (شێخی سپی) ناسراوبوو سەرەڕای ئەوەی ناساندنی ناسنامە ڕۆشنەکەیەتی هاوکات نرخاندنێکی شایستەو ئاوڕدانەوەیەکی وەفادارانەیە لەڕابردووە پڕ لەخۆبردوویی و خۆنەویستییەکەی کە شێلگیرانەو ماندوونەناسانە لەکایە ئایینیو کۆمەڵایەتیو نیشتیمانیو نەتەوەییو ڕۆشنبیرییەکاندا جێ پەنجەی خۆی بەدیارترین شێوە نەخشاندووە کە گەواهیدەری سەر ڕاستیو ڕەسەنایەتی ڕەچەڵەكو خاکیبوونی ڕۆحیەتەکەیەتی، شێخی سپی سەرەڕای ئەوەی لەڕەچەڵەکدا دەچێتەوە سەر بنچینەی خانەوادەیەکی ئایینی ناودارو خاوەن پێگەیەکی بەهێزی کۆمەڵایەتی، وەلێ خوالێخۆشبوو دەستخەڕۆی ئەو ناوبانگو ناسراوییە نەبووەو بەم شتە ڕواڵەتییانە لەخشتە نەچووە، بەڵکە بەسروشتو تایبەتمەندیو ڕەفتارە هێمنەکانی خۆی بۆتە دروستکەری کەسایەتی خۆیو، هەرگیز نەمدیت بەوابەستەبوونو شانازیکردن بەناوبانگی بنەماڵەکەی لەڕێچکەی کۆششو تێکۆشانی خۆی کۆڵ بداتو، لەمەیدانی نەبەزینو نەکەوتندا چۆك دابداتو، ملکەچو دەستەمۆی دژواریو ئاڵۆزی وەرچەرخانەکانی دونیا ببێت، مەلای سپی لەپاڵ هزرو هەڵوێستە ئایینییەکانیدا وە پشت ئەستوور بە لێهاتوویی و بلیمەتییەکەی بەهێمنیو هۆشمەندییەوە شۆڕبۆتەوە بۆ ناخی تاکەکانی کۆمەڵگە، لەمەشدا جگە لە خۆشەویستی خەڵكو هاموشۆو هۆگربوونی هاوڵاتییان بەسەلیقەو ڕووخۆشیو دڵگەرمییەکەی توانیبووی بەسوود وەرگرتن لەم پەیوەندیو تێکەڵاوییە تەکانێکی بەهێز بداتە تەباییو تێڕوانینە چاکەکان لەنێوانیاندا بەو ئامانجەی ئەو شێوە مامەڵەو هەڵسوکەوتە لەچوارچێوەی کارنامەی خۆی وەکو زانایەکی ئایینی بکاتە نەریتو شێوازێکی سەرکەوتوو تاوەکو خەڵكو هاوتاکانی لەناو زانایان بەرەو ترۆپکی چاکەخوازیو ڕەوشتبەرزی پێ ئاراستە بکات، خاڵێکی گرنگ کە مامۆستای کۆچکردوو هەردەم پێداگیری لەسەر دەکردەوە لەمەجلیسەکانیداو، لەو گۆشەنیگایەوە ئەرکی ئاراستەکردنو ڕابەرایەتیکردنی خەڵکی جێبەجێ دەکرد ئەوەبوو کە دەبێت ئایین لەچوارچێوەو ڕووبەرە سرووشتییەکەی خۆی شرۆڤە بکرێتو نەکرێتە وەسیلە بۆ مەرامی دیکەو، بەلایەوە نەنگیو نەشیاوی بوو کە زانایان بچنە ژێرباری ئەو جۆرە کاریگەرییانەوە تەنانەت زۆر جار لەسەر ئەو هەڵوێستە دووچاری مشتومڕێکی چڕ دەبووەوەو، لەوانەیە باجەکەیشی دابێت، چاوخشاندنەوە بەسەربوردە شیرینەکانی ئەو زاتە ئەو تایبەتمەندییە پەسندو بەرزە بیر مرۆڤ دێنێتەوە کە هەمیشە وەکو کالایەکی بەهادار بەبالای ئەو مامۆستایە خۆی دەنواندو، مەلای سپی زانایەکی ئایینیو پیاوێکی کۆمەڵایەتی کاریگەرو خەمخۆرو کۆڵنەدەر مامۆستای ڕەحمەتی هەڵگری زۆر خەسڵەتو تایبەتمەندی جیاکەرەوە بوو، خاوەن خەتو قەڵەمێکی نایاب بوو، وە لەنووسیندا قەت ماندوو نەدەبوو تەنانەت زۆربەی کاتەکانی لەژوانو سەودایی قەڵەمدا بەسەربردووەو، لەم عەشقە پیرۆزەشدا چەندین دەستنووسو شیعرو بابەتی گرنگی ئامادە کردووە لەدیارترینیان پەرتووکێکە بەزمانی عەرەبی لەژێر ناونیشانی (أسنى المطالب في فقهِ الإمام علي ابن أبي طالب) کە ئومێد دەکەم لەدەرفەتێکی نزیکدا وا بکەین ڕووناکی ببینێتو بکەوێتە بەر دیدەی زانایان.

وەك چۆن مامۆستا تا پێش کۆچکردنی مەدرەسەی فەقێیانی هەبووەو چەندین فەقێی گەیاندۆتە قۆناغە کۆتاییەکانی مەلایەتیو لەسەر بنچینەیەکی دروست پەروەردەی کردوون کە لەپاشەڕۆژدا هیوایەکی دڵخۆشکەربن بۆ موسڵمانان، مامۆستای کۆچکردو لەسەر ئاستی کاری ڕێکخراوەییش لەسەرەتای دامەزراندنی یەکێتی زانایان وەك پشتیوانێکی دڵسۆزو پێشڕەوێکی کارا خزاوەتە نێو گۆڕەپانی کارو چالاکییەکان بەتایبەت لەساڵی ١٩٩٦ بەدواوە کە بەهەماهەنگی زانایان شەڕپەرشتی ڕێکخستنەوەو ڕاپەڕاندنی کارەکانی ناوچەی رواندوزی یەکێتی زانایانیان بەوپەڕی پەرۆشییەوە لەئەستۆ گرتووەو، پاشان بووە بەبەرپرسی ناوچەو، تاوەکو کۆچکردنیشی بێ درێغیکردن لەخزمەتکردنو داکۆکیکردن لەزانایانو ڕاییکردنی کاروباری شەرعیو کۆمەڵایەتی خەڵکی ناوچەکە درێژەی بەو کاروانە نەپساوەیەدا کە هەمیشە پێشبینی سەربەرزیو شکۆمەندیی تیادا دەکرد،



مەلا محمدی سپی

بەداخەوە چەند مانگێك پێش کۆچکردنی مەلای سپی گرفتاری نەخۆشییەکی کوشندە بوو و، بەشێنەیی لەژێر کاریگەرییەکانی دەتلایەوە تا لەبەرواری ٢٠٠٩/١١/١٦ لەتەمەنی (٥٤) ساڵیدا بۆ دواجار بەهەگبەو توێشوویەکی دەوڵەمەند بەخواناسیو کردەوەی پاك بەرەو دونیای ئەبەدی کەوتەڕێ.

# له یادی ئەنفالکردنی زانایەکی ئایینیدا

مەلا سابیر سەعید عەلی*

شتێکی ڕۆنو بەرچاوە ڕژێمی ڕەفتار فاشی لەناوچووی بەغدا هەمیشە سەرگەرمی جینۆسایدی گەلی کوردو کوردستان بوو هەر لە تەبعیسو تەعریبو کاوڵکاری کە تائێستا زیاتر لە (٤٥٠٠) چوار هەزارو پێنج سەد گوندو شارو شارۆچکەی کوردستانی کاوڵو وێران کردووە بەمزگەوتی پیرۆزی ماڵی خواو تەکیەو خانەقاو قوتابخانەی ئایینیو پەروەردەو مەدرەسەی فەقێیانو حوجرەی مزگەوتەکان بەوەش نەوەستاوە تا گەیشتە جینۆسایدی بەناو (أنفال)ی شومو شەرمەزاری لەسەر گەلی کوردی موسڵمانی بەرپا کرد، جینۆسایدەکەش گەیشتە پلەی کوفر وەك پێغەمبەری سەرورمان فەرمویەتی (من كفر مسلما فقد كفر) کە سورەتێك لەقورئانی پیرۆز بەناوی سورەتی (انفال) دابەزیوە کە تایبەتمەندە بەو کافرانەی جەنگاون دژ بەئاینی پیرۆزی ئیسلام، بێگومان چەسپاندنی (انفال) لەسەر موسڵمانان خۆی لەخۆیدا کوفرەو تاوانێکی بێ بنەمایە لایەنی چەسپێنەر پێی کافر ئەبێ بەگوێرەی فەرمودەی پێغەمبەری خۆشەویست کە دەفەرموێ (من كفر مسلما فقد كفر).

ئەم جینۆسایدەی بەناو ئەنفال دەگرێتەوە کە چەندین ژنو منداڵو پیرو گەنجو پێشەوایانی زانایانی ئاینی ئیسلامی پیرۆز میراتگرو جێنیشی پێغەمبەرانن وەك پێغەمبەری خۆشەویستمان درودو سلاوی خوای لەسەر بێ فەرمویەتی (العلماء ورثة الانبياء).

یەکێ لەو زاناو پێشەوا ئاینییەی کە جینۆسایدی بەناو (ئەنفال)ی شوم بێ سەرو شوێنی کرد مامۆستای خوالێخۆشبوو (مەلا مەلا ڕەسوڵ حوسێن ڕەزگەییە)، بۆیە بەپێویستی دەزانین بەکورتی باسی هەندێ لەژیانی ئەو کەلە مێردە بخەینە بەردیدەی بەڕێزان:-

مامۆستای ئەنفالکراو مامۆستا مەلا ڕەسوڵ لەساڵی ١٩٥٢ لەگوندی ڕەزگەی دووین شوێنەواری بابو باپیرانی سەرکردەی شانازی گەلی کورد صلاح الدينی ئەیوبی هاتوتە دونیاوە هەر لەتەمەنی (٧) ساڵی قورئانی پیرۆزی خەتم کردووە لەگوندەکەو پاشان چویتە گوندی مەکردان لەدەشتی هەریر لای خاڵی خۆی مامۆستا مەلا محمد مەکردانی درێژەی بەخوێندن داوە تاکو گەیشتۆتە پلەی (موستەعید) واتە ئامادەباشی بۆ هەر زانستێك ئەوجا ڕوو دەکاتە شاری زانستو قەڵاو منارەی هەولێر لەمەدرەسەی مامۆستا مەلا شێخ عمر بالیسانی چەند ساڵێك لەوێ پەرە بەخوێندن دەدا.

پاشان دەچێتە مەدرەسەی مزگەوتی حاجی قادر دەباغ لەخزمەت جەنابی مامۆستا مەلا فائز دەرس دەخوێنێو دەبێتە مامۆستایێکی وریاو پسپۆرو شارەزا لەبواری ئاینیو نیشتمانپەروەریو کوردایەتی. ئینجا لەسەر داوای خەڵکی گوندەکەی گوندی ڕەزگەی دوین دەگەڕێتەوە گوندەکەو لەوێ دەبێتە مەلای گوندو پێش نوێژو وتارخوێنی ئاینی ڕۆڵێکی کاریگەرو بەرچاوی دەبێ لەخزمەت ئاینو بواری کۆمەڵایەتیو نیشتمانپەروەری وەك پیشەی هەمیشەی مەلای کوردی ڕەسەنو بەوەفاو دەرچووانی حوجرەکانی مزگەوتو تەکیەو خانەقاکانی کوردستان لانەی خوا پەرستیو ئاین پەروەریو ڕۆشنبیریو شۆڕشگێری بنکەی سەرچاوەدەر قولاوەکانی شۆڕشە یەك لەدوای یەکەکانی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لەگشت پارچەکانی کوردستانی دابەش کراودا، شتێکی دیارو بەرچاوە سەرکردەکانی شۆڕشە پەیتا پەیتا کانی ڕزگاریخوازی بزاڤی گەلی کوردی چەوساوەو ستەمدیدە بەدرێژایی مێژووی خەباتی گەلی کورد لەو سەرچاوە پاكو بێگەردانە دەرچوینەو هاتینە مەیدانی خەباتو شۆڕشگێری، بەڵگەش بۆ ئەم ڕاستیە پێشەوا قازی محمدو شێخ محمودو مەلا مستەفا بارزانییە هەر بۆیەش مەلاو شێخانی گەلی کورد لەگەڵ شۆڕشەکاندا وەك (لازمو ملزوم) وەك پەیوەستو پەیوەندی جەستەو گیان بوونە. هەر لەو ڕوانگەشەوە ڕێزدار خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا ڕەسول لەگوندی ڕەزگەی دوینو دەڤەرەکەی کە ڕۆڵێکی کوردانەی بووەو بوەتە جێی متمانەی دەڤەرە ستراتیجیەکەی دوینو ماڵەکەی هەمیشە وەك بنکەو لانەی پێشمەرگە بووە خۆشی وەك دڵسۆزی گەلو وڵات هەمیشە وەك کادرێکی پێشکەوتوو شەیدای کوردایەتی بوو ڕێرەوی ڕێبازی پاکی کوردایەتی بوو کوردایەتیەکی پاكو بێگەردی کردووەو ماڵەکەی وەك



مەلا ڕەسوڵ حوسێن ڕەزگەیی

میوانخانەی پێشمەرگەی گشت حزبو لایەنەکان بووە، پەیوەندی نێوان پێشمەرگەو کەسوکاریان بووە لەشار بۆ لادێ بنکەی پێك گەیشتنی پێشمەرگەو کەسوکاریان بووە. ئەوەی جەختیش لەسەر ئەم ڕاستیانە دەکاتەوە ئەوەیە مامۆستای خوالێخۆشبوو دەبێتە جێی سەرەنجو تێبینی ڕژێمی ڕەفتار فاشی بەغدا، بەتەنها لەگوندی ڕەزگەی دوین وەبەر شالاوی جینۆسایدی بەناو ئەنفال دەکەوێو شوێن بزر دەکرێ لەڕۆژی ١٩٨٨/١١/٢٨دا دەستگیر دەکرێ هەر لەو ڕۆژەوە تائێستا هیچی لێ نەزانراوەو بێ سەرو شوێن دەگاتە کاروانی شەرەفو سەربەرزی هەتا هەتای (١٨٢٠٠٠) سەدو هەشتاو دوو هەزارەکەی جینۆسایدی بەناو ئەنفالی گەلی کوردستان.

خوالێخۆشبوو لەو ڕۆژەوە خواحافیزیو ماڵئاوایی لەخانەوادەکەی کرد تەمەنی (٣٦) سییو شەش ساڵ بوو. خانەوادەکەش بریتین لەو بەڕێزانە:

١- هاوسەری خێزانی مامز خان.

٢- (٢) دوو کوڕ بەناوی کاك فائیزو کاك باسیت.

٣- (٤) چوار کچ بەناوەکانی (حەسیبە خان، زاهیدە خان، ناهیدە خان، خوناو خان)، (وسيعلم الذين ظلموا اي منقلب ينقلبون).

* ئەندامی لقی شەقلاوەی یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان.

# مەترسی جلە وەرزشییەکان لەسەر قبوڵ نەبوونی نوێژەکانمان



مەلا یوسف خۆشناو

نوێژ کردن ڕاوەستانی موسڵمانە لە بەرامبەر خوای پەروەردگارو بەرز ڕاگرتنی بەسوجدە بۆ بردنو پاڕانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا جوانترین گفتوگۆیە لەنێوان بەندەی موسڵمانو خوای پەروەردگار.

بەڵام بەداخەوە زۆربەی موسڵمانان بەتایبەت لاوان پێچەوانەی ئەم ئایەتە پیرۆزە بوونەتەوە کە خواری پەروەردگار دەفەرموێ: (يَابَنِي آدَمَ خُذُوا زِينَتَكُمْ عِنْدَ كُلِّ مَسْجِدٍ) سورة الأعراف: ٢١.

زانایان سەبارەت بە (عِنْدَ كُلِّ مَسْجِدٍ) دەڵێن واتە: لە هەموو نوێژێکدا.

ئەگەر دیقەت بکەین دەبینین زۆرێك لە لاوان کە ئیشێکی هەبێ یان فەرمانبەری فەرمانگەیەك بێ یان فێرخواز بێ بەیانی زوو هەڵدەسێ سەرقاڵی خۆ گۆڕینو خۆجوانکردنەوەیە، ڕەنگە چەند ڕەنگێك تاقی بکاتەوە بۆ ئەوەی ئەو ڕەنگە هەڵبژێری لەگەڵ پێڵاوەکانی بگونجێ، ڕەنگە هێندە دوابکەوێ فریای خواردنی نانی بەیانی نەکەوێ، هەموو ئەمانەیش لەپێناو چی؟ لەپێناو ئەوەی خەڵك نەڵێن بێ زەوقە، نازانێ جل لەبەر بکات، دواکەوتووە... هتد. لەولایشەوە ئاگای لەخۆی نییە کە بووەتە هۆی توڕەبوونی پەروەردگار. ڕەنگە بپرسن چۆن خۆ جوان کردنەوە ئەبێتە هۆی توڕەبونی پەروەردگار؟

هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نیم موسڵمان واز لەخۆ جوانکردنەوە بهێنێت، بەڵکو هانیان دەدەم بەردەوام جلی باش لەبەر بکەنو پاكو خاوێن بن بەڵام لەسنووری شەرعی خوا تێنەپەڕێ. کەچی بەداخەوە ئەو جلوبەرگەی زۆرێك لەموسڵمانان لەکاتی نوێژکردن لەبەری ئەکەن، شەرم ئەکەن پێوەی بچنە بازاڕ شەرم ئەکەن پێوەی بچنە شاییو ئاهەنگو میوانی، شەرم ئەکەن پێوەی سەردانی هاوڕێکانیان بکەن، بەڵام شەرم ناکەنو لەئاست پەروەردگاریان بەو جلەوە ڕادەوەستنو دەشیانەوێ پەروەردگار لێیان توڕە نەبێ، مەترسی دارترین جلیش لاوان گیرۆدەی بوونەو لە نوێژ کردن لەبەری دەکەن، جلی وەرزشییە وەك (فانیلەی یاریو شۆرتو سێ چارەك) کە زۆرێك لە زانایان نوێژکردن بەم جلانەوە بە بەتاڵ دەزانن. ئەم جلانە چەند مەترسییەکیان هەیە لەسەر نوێژی موسڵمان:

١- سێ چارەك دەبێتە هۆی دەرکەوتنی عەورەتی موسڵمان، هەر بۆیە زانایانی هاوچەرخ تەنانەت مەرجیان داناوە بۆ نوێژ کردن بە پانتۆڵیشەوە کە دەبێ (فراوان بێو لەسەروی قاپ دان بێو کراسەکەش بدرێ بەسەریا لەترسی دەرکەوتنی عەورەت).

٢- هێمای تیپەکان لەسەر جلە وەرزشییەکان بەگشتی یان خاچە (صلیب) یان (وێنەی گیاندار)ە یان (وشەی ناشیاو) وەك وشەی (NIKE) کە زانایان دەڵێن نوێژکردن پێوەی دروست نییە. هەموو جلە وەرزشییەکانیش هێمای (NIKA) یان پێوەیە.

٣- جلە وەرزشییەکان یان وشەی (NIKE)ی پێوەیە یان ئەم هێمایە (٤٣) کە مەبەست پێی (NIKE)ە، (NIKE) یش واتە: خوای سەرکەوتنی ڕۆمانەکان، ئەمەش هاوەڵ بڕیاردانە بۆ خوای پەروەردگار، کەچی زۆرێك لەکاتی نوێژەکانیان لەبەری دەکەن.

٤- نوێژکردن بە جلی وەرزشی بەبچووك ڕوانینە بۆ نوێژو پێچەوانە کردنەوەی ئەم ئایەتەیە: (يَا بَنِي آدَمَ خُذُوا زِينَتَكُمْ عِنْدَ كُلِّ مَسْجِدٍ) (سورة الأعراف:٢١) کە فەرمانی داخوازی (أمر)ی تیایە.

٥- جلە وەرزشییەکان دەبنە هۆی سەرقاڵ کردنی چواردەور لەنوێژەکانیان چونکە ڕەنگە تۆ جلی یاریزانێك لەبەر بکەی هەموو ئەوانەی خۆشیان ئەوەیو ئەوانەش ڕقیان لێیەتی بەڕوانینیان بۆ ئەو جلە سەرقاڵ دەبنو بیریان دەکەوێتە لای ئەو یاریزانەو نوێژەکانیان بە ناتەواویو کەموکوڕیەوە ئەنجام دەدەن، چونکە بیریان لای فانیلەی ئەو یاریزانەیە کە تۆ لەبەرت کردووە، لەم حاڵەتەشدا تۆ هۆکاری ئەو تاوانەی.

هەروەها سەبارەت بە جلی وەرزشی زانای پایەبەرز (صالح بن فوزان الفوزان ) لەوەڵامی پرسیارێك سەبارەت بەو کەسانەی جلی وەرزشی لەبەر دەکەن فەرمووی: موسڵمان بۆی نییە ئەو جۆرە جلانە لەبەر بکات کە وێنەی گیانداری پێوە بێت. وە ئەگەر ئەو وێنانە تایبەت بێت بەبێ باوەڕانەوە ئەوا کارەکە ترسناکترو توندترە چونکە بەڵگەیە لەسەر خۆشەویستیان. ئاشکرایشە خاچ (صلیب)و (NIKE)تایبەتە بەبێ باوەڕانەوە.

هەروەها سەبارەت بەم جلانە لیژنەی هەمیشەیی فەتوا دان دەڵێن: نابێت بە جلێکەوە نوێژ بکرێت کە وێنەی گیاندار (مرۆڤو ئاژەڵو پەلەوەر)ی پێوە بێ، وەنابێ لەکاتەکانی تریش لەبەر بکرێت.

ئەگەر دیقەتی جلی یانە وەرزشییەکانی تۆپی پێ بدەی دەبینیت زۆرێکیان وێنەی مرۆڤی پێوەیە وەك (یانەی ئەیاکس) یان وێنەی گیاندار وەك (یانەی ڕۆما)... هتد.

کەواتە ئەگەر وێنەی گیاندارو ناوی یاریزان ڕێگە پێنەدراو بێت ئەوا وێنەی خاچ مەترسیدارترە، هەر لەم بارەیەوە لە بوخاری هاتووە لەپێغەمبەری خواوە ئەگێڕنەوە کەوا: لم يكن يترك في بيته شيئا فيه تصاليب إلا نقضه والتصليب صور الصليب، غاية المرام/ ١٤٢ (التصليب) واتە وێنەی خاچ، هەروەها تراکسوتەکان ٣ مەترسی گەورەی تیایە:

یەکەم: ئاشکرایە تراکسوتەکان زۆر تەسکن: ئەمەش لەکاتی نوێژو لە ڕکوعو سجودەکاندا دەبێتە هۆی دەرکەوتنی عەورەت، ئاشکرایشە یەکێك لەمەرجەکانی نوێژی وەرگیراو ئەوەیە خاوەنەکەی خۆی بپارێزێ لەدەرکەوتنی عەورەتی، بۆیە ناچار کاکی نوێژگەر لەبەر تەسکی تراکسوتەکەیو لەترسی دەرکەوتنی عەورەتی سجودو ڕکوعەکانی تەواو ناکات بەمەش تاوانبار دەبێو خوای پەروەردگار سەیری نوێژەکەی ناکات هەروەك پێغەمبەری خوا ئەفەرموێت: لاينظر الله عزوجل إلى صلاة عبد لا يقيم صلبه بين ركوعها وسجودها.

هەروەها ئەم جۆرە کەسانە پێغەمبەری خوا (د.خ) بە( دز) ناویان دەبات. وەك دەفەرموێ: دزترین خەڵکی ئەوانەن کە دزی لە نوێژەکانیان دەکەن. فەرمویان چۆن ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرموی: نە ڕکوعی بە تەواوی دەکاو نە سجودی.

هەروەها ابو هريره ڕەزای خوای لەسەر بێ فەرمویەتی: کەسی وا هەیە شەست ساڵ نوێژ دەکات کەچی تەنها نوێژێکی لێی وەرناگیرێ، پرسیان چۆن؟ فەرموی: نەڕکوعی بەتەواوی دەکاو نەسجودی و نە وەستانی و نە خشوعی.

دووەم: تراکسوتەکان شۆڕنو لەخواروی قاجەکانی کاکی نوێژگەرەوەن، بۆ ئەمەش خوای پەروەردگار بەڵێنی داوە بەو کەسانەی کە جلەکانیان لەخواروی قاجەکانیانەوەیە کە سزایەکی سەختیان بدات هەروەك پێغەمبەری خوا درودی خوای لەسەر بێت ئەفەرموێت: (ثَلَاثَةٌ لَا يُكَلِّمُهُمُ اللَّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلَا يَنْظُرُ إِلَيْهِمْ وَلَا يُزَكِّيهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ "... الْمُسْبِلُ). واتە: سێ جۆر کەس هەن خوای پەروەردگار لەقیامەتدا نە قسەیان لەگەڵ دەکات و نە سەیریان دەکاتو نە لە تاوانیش پاکیان دەکاتەوە، وە سزایەکی سەختیشیان بۆ هەیە لەوانەش: کەسێك جلەکەی لە خواروی قاجەکانیەوە بێت.

سێیەم : تراکسوت لەو جۆرە جلانە نییە کە خوای پەروەردگار فەرمانی پێ کردووە لە نوێژەکانمان خۆمانی پێ بڕازێنینەوە وەك لەو ئایەتەی سەرەوە خستمانە ڕووی، کەچی کاکی نوێژکەر بەمەبەستی ڕەزامەندی پەروەردگار نوێژ دەکات، بەڵام لەلایەکی ترەوە سەرپێچی ئەو فەرمانەی پەروەردگار دەکات کە فەرمانی پێ دەکات بە جلێکی شایستەوە نوێژەکانی ئەنجام بدات. لێرەدا حەق وایە هەموو موسڵمانان لەخۆیان بپرسن ئاخۆ هیچ خاچ پەرستو بێباوەڕێك ئامادەیە لەکاتی نوێژ کردنی تایبەت بەخۆیان جلێك لەبەر بکات کە ﴿لا إله إلا الله﴾ی پێوە بێت یان ناوی (الله) یان (محمد) (ص)یان وێنەی (کعبە)و (مزگەوت) یان هەر دروشمێك لەدروشمەکانی ئیسلامی پێوە بێت؟

نەخێر لەبەری ناکەن بەڵکو بە هەموو هێزو توانایانەوە دژایەتی دروشمەکانی ئیسلام دەکەنو هەوڵ دەدەن لەپێش چاو خەڵکی چەواشەیان بکەن. کەواتە موسڵمانی بەڕێز ئاگادار بە لەکاتی نوێژەکانتو لەکاتەکانی تریشت دروشمی بێباوەڕان لەبەر مەکە، مەهێڵە دروشمی دوژمنانی خوا لەسەر جلەکانت بێ، ئەگەر خواو پێغەمبەرەکەیت خۆش دەوێ لەکاتی نوێژەکانت ئاگات لەجلەکانت بێ. جلێك لەبەر بکە شایستەی ئەو زاتە بێ سوجدەی بۆ دەبەی، جلێك لەبەر بکە وێنەو ناوو دروشمی بێ باوەڕانی پێوە نەبێ. پاشان خوای پەروەردگار ئەفەرموێ: (إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ) العنكبوت: ٤٥.

واتە: بەڕاستی نوێژ بەرهەڵستی مرۆڤە لەکاری خراپو ناپەسەندو تاوان.

کەواتە کوا نوێژی کەسێك بەرهەڵستی دەکات لەکاری خراپو ناپەسەندو تاوان لەکاتێکدا نوێژ بەجلێکەوە بکات وێنەو دروشمی کافرانو بێباوەڕانو دوژمنانی خواو پێغەمبەرەکەی پێوە بێت؟! یان نوێژ بەجلێکەوە بکات عەورەتی دەربخاو ناشەرعی بێت.

## لقی هەولێری یەكێتی زانایان سەردانی قایمقامی قەزای دەشتی هەولێر دەكات

**ڕاگەیاندنی لقی هەولێر:** سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٠١٠/١١/٩ شێخ نیاز ڕاغب دێگەیی بەرپرسی لقی هەولێری یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان و شاندێكی یاوەری، بەمەبەستی زیاتر توندوتۆڵ كردنی پەیوەندی نێوان لقی هەولێری یەكێتی زانایان و، دامودەزگا ئیداری و سیاسییەكان، سەردانی قایمقامیەتی قەزای دەشتی هەولێری كردو، لەلایەن بەڕێز حسێن كەلاری، قایمقامی قەزای ناوبراو، پێشوازی لێكرا.

لەدانیشتنێكدا وێڕای شیكردنەوەی دوایین پێشهات و كۆڕانكارییەكان، باس لەهەماهەنگی نێوان لقی هەولێری یەكێتی زانایان و، دەزگا ئیدارییەكانی سنووری قەزاكە كرا بەگشتی و، ئاگاداربوون لە ڕەوشی مامۆستایانی ئاینی و مزگەوتەكانی سنوورەكە.

هەر لەدرێژەی دانیشتنەكەدا، ئاماژە بە بوونی هەماهەنگی نێوان هەردوولا كرا، لە چارەسەر كردنی هەرگرفتێكی پەیوەست بە ئاین و كۆمەڵگاوە، زیاتر توندو تۆڵ كردنی پەیوەندیەكانی نێوان هەردوولا.

لەلایەن خۆیەوە حسێن كەلاری قایمقامی قەزای دەشتی هەولێر، دوای دەربڕینی خۆشحاڵی خۆی بە سەردان و، بەسەر كردنەوەكەی لقی هەولێری یەكێتی زانایان، بەڵێنیدا بە هەموو شێوەیەك پشتیوانی لەكارو چالاكییەكانی یەكێتی زانایان بكات و، لە هەر گیروگرفتێكدا زانایان ئاگادار بكرێنەوە، بەبێ گەڕاندنەوەی بۆ یەكێتی زانایان، لەسنوورەكە هیچ بڕیارێكی لەبارەوە نەدرێت.

## لقی سۆران سەردانی مەڵبەندی ٨ی كۆمەڵی ئیسلامی دەكات

**مەلا ڕەسول سیتكانی- ڕاگەیاندنی لق:** پێش نیوەڕۆی سێ شەممە ٢٠١٠/١١/٣٠ شاندێكی لقەكەمان كە پێكهاتبوو لە بەڕێز (مەلا خالد مەلەكی) بەرپرسی لق و بەڕێزان (مەلا مستەفا بابشتی، مەلا ویسی مەلا سەعید، مەلا خدر خەلیفانی، مەلا ڕەسول گەزنەی، مەلا خالد ئالانی، مەلا ولی دری، مەلا ڕەسول سیتكانی) كارگێڕانی لق و چەند مامۆستایەكی تر لەناوچەی دیاناو خەلیفان. سەردانی مەڵبەندی ٨ی كۆمەڵی ئیسلامیان كردو لەلایەن بەڕێزان (مامۆستا مەڕوان گەلالی) ئەندامی مەكتەبی سیاسی كۆمەڵ و (مامۆستا شوان ڕابەر) بەرپرسی نوێی مەڵبەندو كارگێڕانی مەڵبەند بەگەرمی پێشوازیان لێكرا. لەدانیشتنەكەدا ستافی لقەكەمان وێڕای ئاراستەكردنی پیرۆزبایی بۆ هەردوو بەڕێزان بەبۆنەی وەرگرتنی پۆستە نوێیەكانیان جەخت لەسەر هەماهەنگی و هاوكاری نێوانیان كرایەوە. وە هەروەها لەدانیشتنەكەدا چەندین تەوەری تر لەلایەن ستافەكەمانەوە باس كران كە پەیوەست بوو بەبارودۆخی ئێستای كوردستان و ناوچەكەو پاراستنی ئەو ئەزموونەی هاتۆتە كایەوە بەرەنج و خەباتی هەموو لایەكمان و بەرگری كردن لەبەها پیرۆزیەكانی ئیسلام و خزمەتكردنی زیاتری زانایان.

لەلایەن خۆشیانەوە هەردوو بەڕێزان وێڕای سوپاس و پێزانین خۆشحاڵی خۆیان بۆ ئەو سەردانە دەربڕی و دووپاتیان كردەوە كە هەمیشە وەك ڕابوردو پاڵپشتی لقی سۆرانی یەكێتی زانایان و بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی سۆران بن و ڕۆڵی زانایانی سنووری لقەكەمانیشیان بەرز نرخاند.

## لقی سۆرانی یەكێتی زانایان سەردانی لقی ١٠ی پارتی دیموكراتی كوردستان دەكات



**ڕاگەیاندنی لقی سۆران:** پێش نیوەڕۆی ٢٠١٠/١١/١١پێنج شەممە شاندێكی لقەكەمان كەپێكهاتبوون لە بەڕێز (مەلا خالد مەلەكی) بەرپرسی لق و بەڕێزان (مەلا ویسی مەلا سەعید، مەلا مصطفی باپشتی، مەلا خدر خەلیفانی، مەلا ڕەسول گەزنەی، مەلا ملحم گەردی، مەلا خالد ئالانی، مەلا ڕەسول سیتكانی) كارگێڕان و ئەندامانی لق و بەرپرسی ناوچەكانی سۆران و چۆمان و دیانا سەردانی لقی ١٠ی پارتی دیموكراتی كوردستانیان كردو لەلایەن بەرپرسی لق بەڕێز كاك (عەلی حوسێن)و كارگێڕانی لق بەگەرمی پێشوازیان لێكرا، لەدانیشتنێكدا بەرپرسی لقەكەمان بەناوی زانایانی سنوورەكە ستایش و دەستخۆشی ئاراستەی لقی ١٠ی پارتی دیموكراتی كودستان كرد بۆ ئەو هەماهەنگی و هاوكاری و پاڵپشتی كردنەیان بۆ زانایان و ئامادەبوونیان لەپرسەو بۆنە ئاینیەكان و بەدەنگەوە چوونی كێشەو گرفتەكانی زانایان لەدەڤەرەكە، لەلایەن خۆشیەوە كاك (عەلی حوسێن) بەرپرسی لق بەبایەخەوە باسی لەكارو چالاكییەكانی ڕۆژانەو چارەسەركردنی چەندەها كێشەو گرفتی هاوڵاتییان لەلایەن لقەكەمانەوە هەڵسەنگاندو ڕۆڵ و ماندووبوونی زانایانی ئەو دەڤەرەی بەرزنرخاند، هەروەها لەبەشێكی تری قسەكانیدا ئاماژەی بەخەبات و تێكۆشانی زانایاندا لەهەردوو بواری ئاینی و نەتەوەی و وتی خۆشحاڵین كە دەبینین زانایانی ئێمەش وەك هەموو زانایانی تری دونیا لایەنی نەتەوەییان فەرامۆش نەكردووەو هەمیشە تێكەڵی ئێش و ئازارەكانی میللەتەكەیان بوونەو خاوەن هەڵوێستی مەردانەن لەبەرامبەر ناحەزانی نەتەوەكەیان و بەبیستنی وتارەكانیان بەتایبەت وتاربێژانی ئەم دەڤەرە دڵخۆش دەبین كە هەست دەكەین ئاستی ڕۆشنبیری و تێگەیشتنیان لەجیهانی تازە زۆر بەهێزە. لەكۆتایدا دووپاتی كردەوە كە ئامادەین بەهەموو شێوەیەك خزمەتی مامۆستایانی ئاینی خۆمان بكەین و پشتیان بگرین بۆ زیاتر بەرەو پێش بردنی ڕەوشی ئاینی و نەتەوەی لەكوردستان.

## لقی هەولێری یەكێتی زانایان سەردانی سەنتەری چرای ڕۆناكی دەكات



**مەلا سید صدیق كەپرانی، ڕاگەیاندنی لقی هەولێر:** سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٠١٠/١١/٤ شێخ نیاز ڕاغب دێگەیی بەرپرسی لقی هەولێری یەكێتی زانایان، لەگەڵ شاندێكی یاوەری، كە پێكهاتبوو لە كارگێڕو، ئەندامانی لق، سەردانی (سەنتەرو دەزگای چرای ڕۆناكی)یان كردو، لەلایەن مامۆستا دكتۆر ئەحمەد بالیسانی بەرپرسی دەزگای ناوبراو بەگەرمی پێشوازیان لێكرا.

سەرەتا شێخ نیاز دێگەیی سوپاسی كردن بۆ ئەم پێشوازیە گەرمەو، دواتر تیشكی خستە سەر پیوێستی هەماهەنگی نێوان یەكێتی زانایان و دەزگایەكەیان، بۆ زیاتر خزمەتكردنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و، گەل و نیشتیمان، چونكە ئەوان وەكو سەنتەرێكی ئیسلامی لەهەرێمی كوردستان و، یەكێتی زانایانیش وەكو ڕێكخراوێكی كۆمەڵگەی مەدەنی، بەهەمە لایەنە ببنە فاكتەرێكی كاراو گرنگ بۆ بانگەوازی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و، زیندوو كردنەوەی سوننەتە پیرۆزەكانی پێشەوامان حەزرەتی موحەممەد درودی خوای لەسەر بێت، هەروەها بۆ یەكخستن و ڕێكخستنی فەتوای شەرعی لەكۆمەڵگاكەمان.

لەلایەن خۆشیانەوە مامۆستا دكتۆر ئەحمەد بالیسانی، وێڕای سوپاسكردنیان بۆ ئەم سەردانەو بڕوا پێبوونە، دووپاتی هەماهەنگی نێوان خۆیان و، یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستانیان كردەوەو، گوتیشی: كە ئێمەیش بێ هاوكاری و، پاڵپشتی مامۆستایانی ئاینی ناتوانین بوونی خۆمان وەكو پێویست لەنێو كۆمەڵگا بسەلمێنین و، چاوەڕوانی ئامۆژگاری و پاڵپشتی دەكەین لە مامۆستایانی ئاینی، بەتایبەتیش لقی هەولێری یەكێتی زانایان.

## لیژنەی ناوچەی مەخمور سەردانی چەند كەسایەتییێكی سنوورەكەی خۆی دەكات

سەر لەئێوارەی ڕۆژی ٢٠١٠/١١/٧ بەمەبەستی پتەوكردنی پەیوەندیەكان، لەنێوان لیژنەی ناوچەی زانایان و، كەسایەتییە ناودارەكانی دەڤەری مەخمورو، بۆ زیاتر خزمەتكردنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و، نیشتیمان و، كۆمەڵگاكەمان و، چارەسەركردنی كێشەكانی دەڤەری ناوبراو، بەهەماهەنگی و هەمەلایەنە، ستافی لیژنەی ناوچەی مەخمور، بەسەرپەرشتی مامۆستا مەلا عبدالكریم هەمەوەندی كارگێڕی ناوچەی ناوبراو، سەردانی هەریەك لە حاجی فازڵ و، جەمیل ئەنوەر ئۆمەر بلانیان كرد.

لەلایەن خۆشیانەوە هەریەك لە حاجی فازڵ و، جەمیل ئەنوەر ئۆمەربلان، خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی بۆ ئەم سەردان و بڕوا پێبوونەو، هیواشیان خواست لیژنەی ناوچەی مەخموری یەكێتی زانایان بتوانن باشترین خزمەت پێشكەش بە دەڤەرەكە بكەن و، بۆ ئەم مەبەستەیش پشتیوانی خۆیان نیشاندا لە هەر كارو خزمەتێك بۆ برەودان بە ئاین و وڵات و، بەڵێنی پشتگیری و دڵسۆزیان دوپاتكردەوە بۆ یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان.

## لقی هەولێر بەشداری گفتوگۆی تێزی دكتۆر جەمیل سورچی دەكات



سەر لەبەیانی ٦ /٢٠١٠/١١، (شێخ نیاز ڕاغب دێگەیی) بەرپرسی لقی هەولێری یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان، بەداوەتنامەی فەرمی بەشداری لەتاوتوێكردنی تێزی دكتۆرانامەی (مامۆستا جمیل علی سورچی) كرد، لەژێر ناونیشانی (المناهي في الاحوال الشخصية والحد ود في سنن ابي داود- دراسة فقهية) كە لەژێر چاودێری زانكۆی صلاح الدین و، بەسەرپەرشتی كۆلیژی زانستە ئیسلامیەكان و، بە ئامادەبوونی هەریەك لە ئەندامانی لیژنە:

- د.جمال محمد فقیێ رسول سەرۆكی لیژنە.
- د.محمد صابر مستەفا ئەندامی لیژنە.
- د.محمد شكری احمد ئەندامی لیژنە.
- د.عزالدین حسن جمیل ئەندامی لیژنە.
- د.عوسمان محمد غریب ئەندامی لیژنە.
- د.اسماعیل محمد قرنی ئەندامی لیژنەو سەرپەرشتیاری نامە.

نامەكە تاوتویێ كراو، بە پلەی (نایاب) كۆتایی بە تاوتوێكردنەكە هێندرا.

## لەسۆران مەراسیمی نوێژی باران بەڕێوەچوو

شەماڵ عەبدوڵڵا- ڕاگەیاندنی ئەوقافی سۆران: ڕۆژی ٢٠١٠/١١/٢٩ هاوكات لەگەڵ سەرجەم شارو شارۆچكەكانی كوردستان، لەدەڤەری سۆران مەراسیمی نوێژەباران بە ئامادەبوونی هەزارانی هاوڵاتی بەڕێوەچوو.

سەرەتا چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز خوێندرایەوە، ئینجا لەوتەیەكیدا وەیسی سەعید وەیسی بەڕێوەبەری ئەوقافی سۆران باسی لە گرنگو پێویستی ئەو نوێژە كرد وەك سوننەتێكی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ)و سوپاسی بەشداربووانیشی كرد بۆ بەدەنگەوەهاتنی بانگەوازی نوێژە باران و ئامادە بوونیان لەمەراسیمەكە.

ئینجا نوێژی بە كۆمەڵ ئەنجام دراو وتاری ئایینی لەلایەن مامۆستا مەلا مادح محمد عمر خوێندرایەوە، كە باسی لەگەڕانەوە بۆ لای خوای گەورەی كردو ئەنجامدانی ئەو نوێژەشی بە نزیك بوونەوەی پتر لەیەزدان دایە قەڵەم. ئینجا دەستكرا بە دوعاو نزاو پاڕانەوە تاكو درەنگانێكی زۆر.

جێگەی گوتنە لە زۆربەی ناحیەو قەزاكانی دەڤەرەكە بەسەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی سۆران و لقی سۆرانی یەكێتی زانایانی ئایینی مەراسیمی نوێژە باران بەڕێوەچوو.

## مەخمور: تەكیەی شێخ موتەلیب كۆڕێك بۆ كارگێڕێكی ناوچەی زانایانی مەخمور سازدەكات

**مەلا سید صدیق كەپرانی، سەرپەرشتیاری ڕاگەیاندنی ناوچەكان:** ئێوارەی ڕۆژی ٢٠١٠/١١/٨ بەمەبەستی زیاتر ئاگاداربوون و شارەزایی لە ١٠ ڕۆژەكەی مانگی زولحیجەو، باسكردنی گەورەیی عیبادەت و خواپەرستی لەم ڕۆژە پیرۆزانەدا، تەكیەی شێخ موتەلیب لە مەخمور، ئێوارە كۆڕێكی بۆ مامۆستا مەلا عبدالكریم هەمەوەندی كارگێڕی ناوچەی زانایان سازكرد.

سەرەتا كۆڕگێڕ تیشكی خستە سەر گەورەیی ١٠ ڕۆژەكەی مانگی زولحیجە، كە دەبێت موسڵمانان وەكو خەڵاتێكی خودایی سەیری بكەن و، هەروەها لەم ڕۆژانەدا عیبادەت و خواپەرستییێكی زۆر لەلاپەرەكانی ژیان تۆمار بكرێن.

دواتر لەدرێژەی كۆڕەكەیدا، ئاماژەی بە گەورەیی قوربانی كردن كردو، هانی ئامادەبووانیشیدا كە لە ڕۆژانی جەژندا قوربانی بكەن.

ئەمەو لە دوای سەرنج و پرسیاری ئامادەبووان و، وەڵامدانەوەیان لەلایەن كۆڕگێڕ، كۆتایی بەكۆڕەكە هێندرا.

## لقی سۆران سەردانی ناوچەی سۆرانی پارتی دەكات

ڕاگەیاندنی لقی سۆران: ڕۆژی ٢٠١٠/١١/٧ شاندێكی لقی سۆران سەردانی ناوچەی سۆرانی پارتی دیموكراتی كوردستان كردو لەلایەن بەرپرسی ناوچە (عەلی سلمان)و ئەندامانی ناوچە بەگەرمی پێشوازیان لێكرا، لەو دیدارەدا باس لەكێشەو گیروگرفتەكان كرا لەو سنوورەو چۆنیەتی چارەسەركردنیان تاوتویێ كرا، لەكۆتاییدا بەرپرسی ناوچە خۆشحاڵی خۆی بۆ ئەو سەردانە دەربڕی و ئامادەیی خۆی بۆ هەر هەنگاوێك پێشاندا كە خزمەت بە خەڵكی سنوورەكە بكات.

## لقێ دهۆكێ ئێكەتیا زانایان سەرا ل ناوچا دۆسكێ زانایان دا

ڕۆژا چوار شەمبی ڕێكەفتی ٢٠١٠/١١/١٠ ل دەمژمێر ١٠ی سپێدێ شاندەكێ لقامە یائێكەتیا زانایان، ب مەرەما پتر ئاگاداربوونا دەنگو باس و گرفتو ئاریشەیێن ناوچان، سەرا لێژنا ناوچا دوسكێ یائێكەتیا زانایان دا، ئو ژلایێ ئەندام و كارگێڕێن ناوچەی ب ڕێزڤە پێشوازی لێهاتەكرن.

د دانیشتنەكێدا كو نزیك ژ دوو دەمژمێرا خایاند، مامۆستا مەلا ئەنەس بەرپرسێ لقی، بۆ مامۆستایان ئاخفت و بەحس ل سەر ڕولێ ئێكەتیا زانایان كرو، هەروەسا ڕۆلێ مامۆستایان ل دەڤەرێ.

ل دویماهیكێ: مامۆستا مەلا ئەنەس دەست خۆشی ل هەمی مامۆستایان كر بۆ ئامادەبوونا وانو، داخازا سەركەفتنێ بۆ خاستن.

## لەماوەی سێ مانگدا ٣٣ حاڵەتی تەڵاق هاتۆتە بەردەم لێژنەی فەتوای لقی گەرمیان




**دانا مەلا حەمەئەمین – گەرمیان:** لەبەرواری ٢٠١٠/٧/٢٨ تاوەكو ٢٠١٠/١١/٢و، لەدانیشتنەكانی ڕۆژانی سێ شەممانی لیژنەی فەتوای لقی گەرمیانی یەكێتی زانایان، سەبارەت بەو كێشەو ئاریشانەی ئاراستەی ئەو لیژنەیە دەكرێت، بەڕێز مامۆستا مەلا كەریم فەرەج موحەممەد ئەندامی لیژنەی فەتوا ڕاگەیاند: كە "لەماوەی سێ مانگی ڕابردوودا، ٣٣ حاڵەتی تەڵاق هاتۆتە لیژنەكەمان و، ئێمەش وەكو لیژنەی فەتوا كاری پێویستمان بۆ ئەنجام داون، لەوانە ٦ حاڵەتیان نووسراوی جیابوونەوەیان بۆ كراوە، ٢٧ حاڵەتەكەی دیكەش هەندێكیان ڕیجعی بوون و هەندێكیان بائین بوون و، هەندێكیشیان چارە سەری نەبووەو تەڵاقی كەوتووە. ئەمە جگە لە هاتنی چەندین كێشەی تری شەرعی و كۆمەڵایەتی، كە هەموویان وەڵامی پێویستیان دراوەتەوە".

شایانی باسە: لێژنەی فەتوای لقی گەرمیانی یەكێتی زانایان زۆر چالاكانە ڕۆژانی سێ شەممان لەبارەگای لیژنەی فەتوا لەمزگەوتی گەورەی كەلار دادەنیشن، بۆ وەڵامدانەوەو چارەسەركردنی كێشەو پرسە شەرعی و كۆمەڵایەتییەكانی سنورەكە.

## سەنتەری لاوانی دارەتوو كۆڕێك بۆ بەرپرسی لقی هەولێری یەكێتی زانایان سازدەكات

سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٠١٠/١١/٩ بەمەبەستی زیاتر وشیار كردنەوەی گەنجان لە دیاریكردنی ئەرك و مافەكانیان لەڕوانگەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، شێخ نیاز ڕاغب دێگەیی بەرپرسی لقی هەولێری یەكێتی زانایان، لەدارەتوو بەسەرپەرشتی سەنتەری لاوانی ناوچەكە، كۆڕێكی لەژێر ناونیشانی (ڕۆڵی گەنجان لەسایەی ئیسلامدا) پێشكەش كرد.

كۆڕگێڕ سەرەتا باسی لەكاریگەرییەكان و هەست كردن، بە بەرپرسیاریەتی گەنجان بەرامبەر بە ئاین و نیشتیمان كرد، كە ڕەنگدانەوەو كاردانەوەی ئەرێنی دەبێت لەسەر پێشكەوتنی وڵات.

دواتر لەدرێژەی كۆڕەكەیدا، ئاماژەی بە یەكریزی و، تەبایی نێوان گەنجانی كۆمەڵگاكەمان كردو، گوتی: لەئەنجامی یەك گوتاریدا دەتوانین مافەكانمان بەرجەستە بكەین و، لەهەمان كاتیشدا ئەركەكانمان دیاری بكەین و، ئەوكات ڕەخنەكانیشمان بوونیاتنەر دەبێت و، پرۆژەكانیشمان دەبێتە چارەسەرێك بۆ كێشەكانمان.

ئەمەو وێڕای باسكردنی توانست و هێزو ڕۆڵی گەنجی موسڵمان، لە بونیادنان و بوژانەوەی وڵات، كە بووە مایەی سەرنجی ئامادەبووان و، كۆڕەكە نزیكەی كاتژمێرێكی خایاندو، سەركەوتووانە كۆتایی پێهات.

## بەسەرپەرشتی لقی گەرمیان و ئەوقافی ناوچەكە لەشاری كەلار نوێژەبارانە ئەنجام درا

**دانا مەلا حەمەئەمین– گەرمیان:** كاتژمێر (٢)ی سەر لەئێوارەی ڕۆژی دووشەممە ٢٠١٠/١١/٢٩ لەپێدەشتی شاری كەلاری گەرمیانداو بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی لقی گەرمیانی یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان و ئەوقافی گەرمیان بەهۆی دواكەوتنی باران بارینەوە مامۆستایانی ئاینی بە بەشداری جەماوەرێكی زۆری موسوڵمانانی دەڤەرەكە مەراسیمی نوێژە بارانە بەڕێوەچو...

پێشتریش لەوتارەكانی ڕۆژی هەینیدا وتاربێژەبەڕێزەكان موسڵمانانیان لەو سوننەتە ئاگاداركردەوەو كۆمەڵێك ڕێنمایی ئاینییان پێ ڕاگەیاندن و پاشان لەوادەی دیاریكراوی خۆیدا نوێژە بارانەكە ئەنجامدراو تیایدا موسڵمانان لەیەزدانی مەزن پاڕانەوەو نزای بارینی ڕەحمەتی خوایان بۆ تەواوی گیانلەوەران كرد...

لەو بارەیەوە بەڕێز مامۆستا مەلا حەمەئەمین كەلاری ئەندامی مەكتەبی تەنفیزی و بەرپرسی لقی گەرمیانی یەكێتی زانایان بەسایتی زانایانی ڕاگەیاندو گوتی: "پاش ئەوەی لەلایەن مەكتەبی تەنفیزییەوە ئاگادار كراینەوە كە ئەم نزاو نوێژە بارانەیە بڕیارە لەسەرتاسەری كوردستاندا ئەنجامبدرێت ئێمەش بەهاوكاری و هەماهەنگی ئەوقاف هەموو ئامادەكارییەكمان كردو سوپاس بۆ خوا ئێمەش لەگەڵ تەواوی موسڵمانانی وڵاتەكەماندا ئەو كارەمان ئەنجامداو داواكارین لە خوای گەورە كە بەزەیی پێماندا بێتەوەو ڕەحمەتی خۆیمان بەسەردا ببارێنێت".

شایانە باسە زیاتر لە شەش هەزار نوێژ خوێن بەشداریان لەو نوێژە بارانەدا كرد.

## كارو چالاكیێن لێژنا ئامێدیێ یا ئێكەتیا زانایێن ئیسلامی

ڕۆژا ٢٠١٠/١٠/٢٤ ڕێزدار مەلا سەیفەدین مورتەزا سەروكێ لیژنا ئامێدیێ یا ئێكەتیا زانایێن ئیسلامیێ و ئەندامێن لێژنەی، سەرەدانا چەند ماموستاییێن ئاینییێن دەڤەرێ كرو، ژلایێ مامۆستایان ڤە، ب گەرمی هاتنە ب خێر ئانین و، پاشی سەرۆك و ئەندامێن لیژنێ، سەرا ل هندەك نەخۆشاندا، جهێ گوتنێیە كو سەرەدانا زانایێن لێژنەی، بووە جهێ دل خۆشیێ هەمیاو، هێڤی خواستن كو ئەڤ سەرەدانە بەردەوام بیت.

ڕۆژا ٢٠١٠/١٠/٢٥ رادیۆیا ژلایێ سیلاڤ ل ئامێدیێ و، لێژنا ئامێدیێ یا ئێكەتیا زانایێن ئیسلامی، ڕێككەتن ل سەر ڤەكرنا بەرنامەكێ ئاینی و، تایبەت كو حەفتیانە ل رادیۆ بهێتە پێش كێشكرن و، بو ماوێ نیڤ دەمژمێرێ بەردەوام بیت، جهێ گۆتنێیە: كو بەرنامەكا هۆسا دێ گەلەك بیتە جهێ مفایێ خەلكی و، هەروەسا دبیتە ئەگەرەك بۆ زێدەكرنا تێكەلیا زانایان د گەل خەلكێن دی دا.

## پارێزگارێ دهۆكێ كەل و پەلێن نوسینگەهێ بۆ لقێ دهۆكێ ئێكەتیا زانایان دابین كر



ڕاگەهاندنا لقێ دهۆك: ڕوژا ئێك شەمبی ڕێكەفتی٢٠١٠/١١/٧ پاشی كو ڕێزدار پارێزگارێ دهۆكێ هندەك كەل و پەل و پێدڤیێن نوسینگەهان كرە دیاری بۆ لقا دهۆك یا ئێكەتیا زانایان، لقامە ب ئامادە بونا جێگرێ لقێ ڕێزدار مامۆستا مەلا ئیحسان ئەو كەلو پەل دانە سێ لێژنێت خۆ، كو ئەوژی:

١- لێژنا ناوچا ئامێدیێ.
٢- لێژنا ناوچا سەرسنگێ.
٣- لێژنا ناوچا دوسكێ.

داخازا سەركەفتنێ بۆ پارێزگارێ دهۆك دخوازین بۆ دابین كرنا ڤان كەلوپەلا.

